**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 9 – 22
http://www.ijoks.com

# Terrorizing Zoroaster's Prophethood and the Opinion of Malay Gawra of Koya on Zoroastrianism

*Ala Dara Abdul Majid*[1]

**Received**: February 20, 2016 **Reviewed**: May 13, 2016 **Accepted**: May 20, 2016

## Abstract

This research focuses on the prophecy or prophethood of the old Kurdish prophet Zoroaster and his book The Avesta. More than a century ago, the western printed sources and publications presented Zoroaster's doctrines and beliefs distortedly exploiting them to achieve their own aims; hence, this research throws light on this aspect .Another aspect of the research is the view of Malay Gawra of Koya, who was a distinguished ahead of their time. He believed in the existence of Zoroaster and his being a Kurd supported by the great explainers before him.

**Keywords**: Zoroaster, Malay Gawra, Kurdish poem, Koya.

## کورتە

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشکی خستووەتە سەر هەڵگەڕاندنەوەی بیروڕای یەکتا پەرستی پێغەمبەری پێشووتری کورد .

لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە : بەشی یەکەم / ناساندنێکی مێژوویی مەعریفەی ئاینەکەو پێغەمبەر زەردەشت و دواتر تێرۆرکردنی بیروباوەڕی لەلایەن فەیلەسوفێکی ڕۆژئاوایی.

بەشی دووەم / ڕای مەلای گەورەی کۆیە لەسەر پێغەمبەرایەتی و نێردراویەتی زەردەشت . داننانی به تەحریفکردنی کتێبەکەی. -ئەوەی جێی سەرنجە تەنها جەختم نەکردووەتە سەر کتێبە وەرگێڕدراوەکان بەڵکو گەڕاومەتەوە سەر سەرچاوە بنچینەییەکان واتا ئەڵمانییەکە ی نیتشە پێش وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی یان ئەوەی لە عەرەبییەکانم وەرگرتووە دووبارە گەڕاومەتەوە سەر ئەڵمانییەکە .

**کلیلە وشەکان**: زەردەشت، مەلای گەورە، شیعری کوردی، کۆیە.

**Recommended citation:**
Abdul Majid, A. D. (2016). Terrorizing Zoroaster's prophethood and the opinion of Malay Gawra of Koya on Zoroastrianism. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 9 – 22.

---

1 Assistant lecturer, Department of Kurdish language, Faculty of education, Koya University Daniel Mitterrand Boulevard, Koya KOY45, Kurdistan Region – F.R. Iraq. E-mail; ala.dara@koyauniversity.org

**بەشی یەکەم :**

*مەعریفەی ئاینی زەردەشتییەکان :*

مەعریفەی تاکی کورد سەرەتا لە بیری ئەو ئاینەوە بناغەی گرتووە و تاکپەرست بووە .((ئاینی زەردەشتی یەزدانییە ،زەردەشت پیێغەمبەرێکی ڕاست ودروست بووە ،بەهاتنی قورئانی پیرۆز وەکو ئاینەکانی یەهودومەسیح لەلایەن یەزدانەوە هەڵوەشاوەتەوە. )) (ئابادانی :٢٠٠٢، ٨ ) بەپێی ئینسکلۆپیدیای بەریتانی لەپەرستشدا ( جەختی لەسەر ئاهورامازدا کردووە کە خوای باڵا تەنها خۆی شایانی پەرستنە ،دروستکەری ئاسمان و زەوی ،هەرشتێك لە مادەو جیهانی گیانی ودڵی سروشتە .)) ( Britannica: König) مێژووی دەرکەوتنی هەندێ بیروڕای لەسەرە (تاکە ئایینێکە کە گەلی کورد پەیڕەوی کردووە پێش ئایینی ئیسلام ، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی زەردەشت ، بەپێی سەرچاوە ئیغریقییەکان بۆ سەدەی "٦و٥ی پ.ز " ساڵی "٦٦٠ پ.ز ، ئیغریقییەکان بە "سید الحکمە " ناویان بردووە . لە ٥٨٣ پ.ز. لە "بلخ " کوژراوە) ( عبدالله، ٢٠٠٩ ).

بە بیروڕای ئیسلامیش کە لە قورئانی پیرۆز دا باسی مەجوس کراوە (( زەردەشتییەکان پۆلێکن لە "مەجوس " کەئەوانیش بڕوایان بەبوونی دوو خواوەند هەیە ، خێروشەڕ .بەڵام ئەو "عقیدە منحرفە " بیروباوەڕە دەستکاری کراوە ی کە پێی گەیشتوون بیروباوەڕی پێغەمبەران نییە ،چونکە پێغەمبەران هەموویان بانگەوازی یەک عەقیدەیان کردووە ، ئەویش تاکپەرستییە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پەیڕەوکەرانی ئەو ئایینە پێغەمبەرو کتابیان نەبووبێت ، بەڵکو والێکدەدرێتەوەئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەمە ئەنجامی تحریف /دەسکاری یان هەڵاتنە لە ئاینە ڕاستەقینەییەکەیان . ئەوەی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمانە بەدواداچووی پێغەمبەرێکیان هەبووبێت ، پێغەمبەر (د.خ.) جزیە ی لێوەرگرتوون کەتەنها لە اهل الکتاب وەردەگیرێت . بە پێ ی" فکتب الیهم النبی صلی الله علیه وآله: ان المجوس کان لهم نبی فقتلوه وکتاب فحرقوه اتاهم نبیهم بکتابهم فی اثنی عشر الف جلد ثور/ وفی (مجمع الفائده) قال المقدس الاردبیلی قال: ((قیل کان لهم نبی وکتاب قتلوه وحرقوه، واسم نبیهم زردشت واسم کتابه جاماست)) (انظر مجمع الفائده ج٧ ص٤٣٨))" (الجباری ، ٢٠٠٩ ).

عەلائەدین سەجادی ،لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت : (( چ فارس چ کورد ئایینیان هەر ئەو ئاینە کۆنانە بووە کە هیندییە کۆنەکان هەیانبووە ، پاشان جیابوونەتەوە و کەوتوونەتە سەر بتپەرستی هەتا وەکو زەردەشت بە خۆی و ئاینەکەیەوە پەیدا بووە ، لە نێوان سەدەی بیستەم هەتاوەکو سەدەی پێنجەمی پێش عیسا بووە ، بەڵام قسەو بەڵگەو بنەوانی زەردەشتی دەڵێن لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین پەیدا بووەو لەدەوروبەری ساڵی (٦٢٠) پێش زاییندا کوژراوە .)) (عەلائەدین سەجادی ، 1391ه ).

کەواتە ئاینێکە تاکپەرست بووە و(( بە ئەهلی کتێبیش دادەنرێن بە پێی وتەی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەربێ) (البتار، 2010 ) بە پێی ( قال صلی الله علیه وسلم فی المجوس : سنوا بهم سنە اهل الکتاب –الراوی:-المحدث:الشوکانی- المصدر: السیل الجرار-ص/ ٢٥٣/٢ –خلاصة حکم المحدث :صحیح .) .

لە کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" دا هاتووە کە (( زەردەشت لە کتێبەکەیا " ئاڤێستا " لە باری لاهووتیدا خەڵک بانگ ئەکا بۆ پەرستنی خوایەکی تەنیا کە "ئاهورامەزدا" یە و ئاگای لەهەموو شت هەیە ، بەڵام لەباری فەلسەفەی عالەم دا ئەڵێ : دوو هێز هەیە و ئەم دووەش بەدرێژایی ساڵ لە جەنگدان ."یەکێ چاکە یەکێ خراپە .)) (سەجادی ،١٣٩١ه : ٦١٣ و ٦١٤) پێش ئەوە ئەو پرسیارەمان لادروست ببێت نووسەر شیکارانە وەڵامی داوەتەوە (( پیاو کەسەیری ئەم قسانە ئەکا وائەچێتە دڵیەوە کە زەردەشت دوو تەبیعەتی پەرستووە لە دوو خوادا : تەبیعەتی چاکە لە ئاهورامەزدادا و هی خراپە لە ئەنگرەمینۆدا ، بەڵام لەڕاستیدا وانییە ، چونکە ئەڵێ: " ئاهوڕامەزدا ئەزانێ ئەهریمەن هەیە ، وەلێ ئەهریمەن نازانێ ئاهووڕامەزدا هەیە ، ئاهورامەزدا لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە و ئاگای لە هەموو شت هەیە و هیچ شتێک وەکو ئەو نییە .)) (سەجادی ،١٣٩١ه : ٦١٤) سەبارەت بە پەیڕەوکەرانی زەردەشت بڕوایان بەوە بووە کە ئەگەر دوو هێزیش هەبێت و بجەنگێن دواتر هەر دەگەڕێتەوە بۆ یەکتاپەرستی وەک دەڵێت : (( خوای تێکڕای کەون هەریەکە ، هێزی شەڕ ئەبێ بە خەیاڵێکی پیسیش شک و کافر بوون دێنێتە بەرهەم . ئاینی زەردەشت گەلێ خەریکی ئەوە ئەبێ کە ئادەمیزاد چۆن بپارێزرێ لە ڕۆحی خراپە و لە هاوڕێکردنی خراپە . مەبەستی ئەوە بووە کە خراپە لە ڕیشە هەڵکێشێ لەسەر زەویدا و ئاوێستا یەکەم شتێک کە لە پێش هەموو شتێک باس ئەکا چارەکردنی لەشی مردووە ، تەنانەت ئەڵێ : ڕۆحی شەڕ ئەبێ

بە مێشێکی پیس و بەلەشی مردووەکەدا ئەسووڕێتەوە ، لەپاشا ئەچێ بەناو مەردما دەردو بەڵا لەناو ئەوانیشا بڵاو ئەکاتەوە . لەپاشا باسی ئەوە ئەکا کە پیاو ئەبێ چۆن ڕێز لە رۆحی چاکەوە بگرێت ؟ وە لەشی مردوو لە کوێدا دابنرێت ، چۆن ئەو ژوورە کە مردووەکەی تێدایە پاک و خاوێن بێت و هەر ئادەمیزادێک پێویستە لە ژیانیا دارێک بنێژێت)) (سەجادی ،١٣٩١ه : ٦١٤) کەواتە ئاڤێستا نەک هەرتاکپەرست بووە بەڵکو تاکپەرستییەکی ڕاستەقینە بەتەواوەتی لە بیروباوەڕەکانی دەردەکەوێت کاتێک پیرۆزییەکی وەها بەڕۆح دەدات لەلایەک کەلەژیانی ئێستایە تەنها خێرمەندی بکاتە ئامانج و لەلایەکی تر دوای مردنیشی ئەو خێرمەندییە داینەمۆی پاراستنی خۆی و مرۆڤەکانی تر هەتا ژینگەش پتەو دەکات جگە لەمان وەها بەتەنگ خێرمەندی و مرۆڤی خێرمەندەوە بووە کە بایەخێکی تایبەتی و ڕێ و شوێنی ئەو جەستانەی رۆح پاکیان هاوەڵ بووە لەگەڵ بەدەکان جیاکاتەوە و پیرۆزیان ڕادەگرێت .

*ئافرەت لای زەردەشتییەکان :*

سەبارەت بە ئافرەت لووتکەی وەفا و خۆشەویستی بۆ هاوسەر بەیاسا کراوە (( لای زەردەشتییەکان ئەگەر ئافرەت خیانەتی کردبا لە هاوسەرەکەی دەبووایە خۆی بکوژێت ، ئەو یاسایە لەسەردەمی ئەکەدییەکان کاری پێدەکرا تا سەردەمی ساسانییەکان گۆڕا بۆ بەندکردن )) ( همس الجواری ، ٢٠١٢)

***1-1.هاوسەرگیری لای زەردەشتییەکان و نموونەی ئەوپەڕی ڕەوشت و باڵایی :***

-هاوسەرگیری لای زەردەشتییەکانیش وێنەی پیرۆزی مرۆڤ و پرۆسەکەو جیانەبوونی هیچ لە ڕەگەزەکان لەو بوارەدا نیشان دەدات و ئاینێک بووە کە پیرۆزی خێزانی لەلابووە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێزدارکردنی خودی ئافرەتە (( زەردەشت نیزامێکی پتەوی هەبوو سەبارەت بە کێشە ڕەوشتییەکان وەکو لە هەوڵدان بوو بۆ کۆمەڵێکی خێرمەند ، بۆیە سزای زیناو "لۆتێتی و سوحاق "لە ژن و پیاودا تەنها کوشتن بوو .)) (المنصور،٢٠١٢ ) لەگەڵ ئەوەی کە سەردەمانێکی کۆنە بەڵام (( لە ئاڤێستادا داواکاری هاوسەرگیری خوشک وبرا و مەحارم نەبووە بەڵکو لەفارسی کۆندا هەبووە هەروەها بابل ...ناو عەرەبی جاهیلی " ضیاعە بن عامر " بەڕووتی تەوافی کردووە .)) (المنصور،٢٠١٢ )

***١-٢ .ڕۆحیانییەتی ئەو ئاینەو قازانجی ئافرەت تیایدا لەبەرز ڕاگرتنی هەستی لاوازەکاندا :***

ئەوەی مێژوو لە سەر زەردەشت دەریان دەخات ئەوەیە کە (( بە دوای پاکی جەستەو ڕۆح دەگەڕا)) (عبد الرحمن ، ٢٠٠٨: ٨ ) . ئەمەش هەرچەندە خاڵێکی ئیجابی و مرۆڤانەیە بۆ ئاینەکە بەڵام ئاینێکە لەخودی خۆیدا کەتاکپەرست بووە و دەسەڵاتی باوکایەتی و ئاڵۆزی مەعریفەی نەکەوتووەتە ناو ، هەربۆیەشە خێرمەندی لەچوارچێوەی ماڵ و خێزانی پاکدا دەدۆزییەوە (( لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانت بەشێوەیەکی باشترە خێرمەند تر مامەڵ بکە ، بەپێی توانا ، تارەنگدانەوەی قسەو سەرپەرشتیاری و فێرکردنت بێ بۆیان .)) (عبد الرحمن ، ٢٠٠٨: ٨٤٤) جگە لە ڕێنمایی بۆ هەڵبژاردنی ئافرەت و جۆری ئەو ئافرەتەش (( ئافرەتی زیرەک هەڵبژێرەو داوای بکەو هاوسەرگیری لەگەڵ دا بکە ،هاوڕێی شایان بەخۆت مرۆڤێکی باشی کارا ، دەنا هەڵمەبژێرە ، تا حەسرەت و نەهامەتی ڕووت تێنەکات . "لەشوێنێک دەڵێت بێ هاوسەری نزمتر لە هاوسەرگیری بینیوە ".)) (عبد الرحمن ، ٢٠٠٨: ٨٤٤)

لەکاروباری ژیانی هاوسەریدا و لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا داوای دووربوون لەئەنجامدانی خراپەکاری دەکات ،لەوانەش دوورکەوتنەوە لە ئافرەتی بەد ڕەوشت ، ئەمەش لەو پەڕی گرینگیدایە : چونکە لەلایەک هەوڵێکە بۆ دوور کەوتنەوەی ئافرەت لە بەدخوویی و دوای ئەویش کۆمەڵ و جگە لەو زوڵم و زۆرییەی تیایدا ڕووی لە خودی ئافرەت خۆیەتی لەلایەکی تر ئەو بەدڕەوشتییانە ڕۆحی مرۆڤ نەخۆش دەکەن و دووری دەخەنەوە لە ئەگەری پاکبوونەوە (( هەرگیز لەگەڵ ئافرەتی خراپ هەڵمەکە ، چونکە ئەو خراپییانەی ئەنجامی دەدات دەگوێزرێنەوە بۆ ڕۆحت .)) (عبد الرحمن ، ٢٠٠٨: ٨٤٤) لەسەروو ئەمانەشەوە بایەخ بە گەورەو ڕێزی بچووک و لاوازەکان دەدات ، بەمەش دوور دەبێتەوە لە هیرارتیکیەتی ئەرستۆ (( بەهیچ شێوەیەک دڵی دایک و باوکتان مەڕەنجێنن ، لە خوشکتان مەدەن ، بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ و براو بەردەست و ئاژەڵ دا بکەن .)) (عبد الرحمن ، ٢٠٠٨: ٨٥٣) و ڕێنماییەکانی ئەو پەڕی ڕێز و گێرایەڵی تیادا ەدی دەکرێ کەواتە لاواز و بەهێز دەبێ هاوکاربن (( کە دەگەڕێنەوە ماڵەوە وەستانی ڕێزو

گوێڕایەڵی بوەستن ، ئەوەی کە داواتان لێدەکەن بەپێی تعلیمات و بە عەقڵانییەت جێبەجێی بکەن ، ئەگەر ڕێگەیان دان دانیشن دەنا ڕاوەستن .)) (عبد الرحمن ، ٢٠٠٨: ٨٥٤)

**٢-تیرۆرکردنی بیروباوەڕو پێغەمبەرایەتی و خودی زەردەشت لەلایەن ڕۆژئاواوە :**

زۆرمان بیستووە و ناڵاندوومانە کە دایکی گەورەمان پارچەکراوو کلتوورو شارستانییەتمان دزراوو بە بێگانە کراوین . بەڵام بەو جۆرەی کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرێکمان لەلایەن بیرمەندێکی ڕۆژئاوایی وەکو نیتچە تیرۆر بکرێت ، بیکاتە هۆکاری ئامانج پێکان وناونیشانی بەرهەمێکی تا بتوانێت سۆزی خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێت.گەورەیی زەردەشت وەک ئاماژەمان پێدا بەنێردراو دادەنرێ و پەیامی نووسراوی لەئاسمانەوە بۆ ڕێبەرایەتی بۆناردراوە ، جێگەی شانازی ئێمەی کوردی بە مێژوو ستەم لێکراوە بەڵام بەشێوەیەکی وەها کە پێچەوانە و هەڵگەڕاوی بیروباوەڕێکی تری بدرێتە پاڵ ، خوێنەریش لەڕێگەی ئەو ناونیشانەوە بکرێتە مەیدانی فێڵ لێکردن ..ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئایا بۆ ئەوەی نەبووە کە ئەو ناوە پیرۆزە لە ڕۆژهەڵاتەوە ببات تا لەداهاتوودا سۆزی میللەتێک ڕابکێشێت بەڵام دوای نزیکەی "٢٥٠٠" ساڵ تاکی کورد بکەوێتە ئەو بەرکەوتنەی کە پێغەمبەرە تاکپەرستەکەی " بانگێشەی " خوانەخواستە " مردنی خواکەی پێکراوە ؟ ئەوەی لێرەدا پەیوەندی و کاریگەری بەو باسەوە هەیە :

-بەهۆی کتێبی خاوەن ناونیشانی " زەردەشت ئاوا دوا " ی نیتچەوە یە کە کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی ڕادیکاڵییەت هەبووە و فیمینیزمی ڕادیکاڵیش دەرکەوتووە .( زۆر لە بیرمەندەکان لەسەر ئەوە ڕێکن کە بیرو ڕاو فەلسەفەکەی نادرووستە ، بیرو چەمکەکانی ڕادیکاڵییەت لە خۆ دەگرێت ولە دژی دیموکراتییەت وەستا و دژی ئافرەت بووە .لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا پێشەوایانی قوتابخانەی "فرانکفۆرت " فردریک نیتشەیان دۆزییەوە ، پاشان پێشەوایانی "پۆست مۆدێرنیزم " نموونەی دلوز و فۆکۆ لە ڕێگەی بیرەکانییەوە ئەوەیان دۆزییەوە کە ڕێنیسانسکارێکی بەهێزە بەرامبەرچەپی ئەوروپی)( الحیدري ، ٢٠٠١)

ڕای بەرامبەر ئافرەت :(( نیتچە دانی چاکە بە ئافرەت دانانێت لەگەڵ ئەوەی کە خۆی ژیانی لەگەڵ دایک و خوشکی بەسەر بردووە چونکە لە پێنج ساڵییەوە بێ باوک بووە ، ئەنجام فەلسەفەکەی کەمێک زیانبەخشبووە بۆ ئافرەت ، لە کتێبەکەیدا پیاو ئاگاداردەکاتەوە کە ئافرەت وەکو هاوڕێ وەرنەگرن و بۆهیچ شتێک دەست نادات تەنها خۆشەویستی نەبێت .و تەنها بووکەڵانێکە بەدەست پیاوەوە ، هیچ ئامانجێک و هیچ گرینگییەکی نییە تەنها " منداڵبوون " نەبێت .شەرەفیش ناناسێت و ناشزانێت چییە . ) (الحیدري ، ٢٠٠١)

-هاوسەرگیری : (( ئامانجی هاوسەرگیری لە بەرهەمهێنانی مرۆڤی باڵا تەسکدەبێتەوە ، بۆیە دەبێت بە ئەوپەڕی توانا بخرێتە گەڕ تا کامڵ بێت ، دەبێت پێکەوە شی هاوسەرگیری ماوەیەک هەبێت کە ئافرەت و پیاو تیایدا یەکتر ببینن و پێکەوە بژین بۆ ئەوەی تێی بڕوانن کە ئایا لەتوانایان داهەیە کە بەردەوامی بە هاوسەرگیرییەک بدەن کە تا ئەبەد بەیەکەوەیان ببەستێتەوە .)) (الحیدري ، ٢٠٠١) پێش هەموو شتێک ئەوە گەورەترین کێشەو بەد بەختی بۆ ئافرەت ناوەتەوە چونکە لەو ناوەی پێکەوە ژیان و بینینەکە بێگومان و وەک زۆر ڕوویداوە لەئەگەری نەگونجانییان .

-ئافرەتەکە زەرەرمەندەو وەک خۆی دەڵێت وەکو تاکێک دەمێنێتەوە کە نازانێت مانای شەرەف چییە لەلایەک و لەلایەکی تر ئەومناڵە ی کە زۆربەی کات لەوەوە بەرهەم دێت ، گوناهی چی دەبێت ؟ئافرەت و کەبەرهەمی هەڵەی چاکسازی مەعریفەو بیرو بەرنامەی کۆمەڵ دەبێت .. دیسان لەلایەکی تر و ئەو هەموو وێرانەیەی ئافرەت و نەوە زۆڵەکەی لە پێناوی بوونی "منالّی باڵا " کە ئەسڵەن زۆڵە و تا نزیکەی سەدە زیاتر ڕەت بووەو ئەو منالّە بۆچی نەهاتە لەدایکبوون ؟، ئەگەر زۆرانێک بەدوای ئەو فەلسەفەیە داچووبن وەک باسمکرد .نەگبەتی چ ژمارەیەکی بێنەوای ئافرەت و زۆڵی لێدەکەوێتەوە ؟؟کە هەموو بەرەو بەرنامەیەکی هەڵگەڕاو بڕوات لەپێناوی هاتنە دی خەیاڵێکی ژێر سفر .

-ئەمە لەلایەک لەگەڵ بیروبۆچوونی ئاسمانی زەردەشت هەرگیز ناشێ و ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە .

-هەرچەندە ئەگەر سەیری هەڵوێستی پیاوانی ئایینی ئەوروپا وەک باسمان کرد بکەین و مرۆڤێک بە هۆیەوە بەرەو فەلسەفەی دژ ئەو بیرانە بچێت ، بەڵام ئەستەمە پێغەمبەرێک هەڵبژێریت و لە ڕێگەیەوە ئینکاری خوودی پیرۆزمەند و

خۆشەویستییەکی پێبکەیت و بانگێشەی مردنی بکات بە تایبەتی کە بیری فەلسەفی زەردەشت زۆر لە زوهد نزیکە و بەرەو سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیتی بەریت . پاشانیش ڕووخاندنی هەست و مەعریفەی ئافرەت و گەڕانەوە بۆ دەیان سەدە پێشتری بیری ئەڕستۆ و ڕاستە وەک ئاماژەکان پێدا زەردەشت دژە تەڵاق دان بووە مەبەستی پیرۆزیشی بۆ نەترازانی شیرازەی تاک و کۆمەڵەی و نەوەکان بووە ، نەک هاوسەرگیرییەکی نهێنی و چاوەڕوانی ئەنجامێکی خەیاڵی و بەتاڵ و گێژاوی ئەنجامەکانی کەتەنها تیایدا تاکی ئافرەت زەرەرمەندی تاکوتەرای سەرەتاو کۆتاییە، بەرنامە ڕێژی خوایەکی تری جیاواز لە خواتاقانەکەی زەردەشت پەیدا ببێ !

دووبارە لەلایەنە ئایینییەکەیەوە بۆ مەسەلەکە چووە و ئەو نەگبەتییەی بۆ ئافرەت ناوەتەوە ، چونکە فەلسەفەی ئەو سەبارەت بە ئایین : (( لە بری خوا، مرۆڤی باڵای / Super man دانا ، لەبری دوایی تیۆرەکەی لە دووبارەبوونەوەی ئەبەدیی دانا ، بەوە ی کە وتوویەتی هەموو ژیانی ئێستامان لە پێشتریش پێی ژیاوین ، و لەداهاتووشدا پێی دەژین ، ئێمە دەگەڕێینەوە وەکو ئێمەی کە ئێستا هەین.)) ( الحيدري ، ۲۰۰۱ )

وەکو سەرەتای هەموو بیرمەندەکانی پۆست فیمینیزم لە دیدی ئایینییەوە بۆ مەسەلەکە دەچێت بەڵام فەلسەفەکەی خۆی شتێکە (( جگە لە بیری ئیرورەی هیرقلیتس کە پێی وابوو جەوهەری واقیع خۆی ئیرورەیە و کەوتە نەرێکردنی بوون بەشێوەیەکی گشتی ، بەڵام ئەفلاتوون لە جیهانی ئایدیالی لێیان دەگەڕا ، وەکو ئەوەی کە هەموو کلتووری فیکریمان ( واتا فیکری جیهان ) ڕەفز بکات ،هەوڵەکانی بۆ دەسپێکردنەوە دەرچوون بە شێوەیەکە تر سەر لە نوێ ، هەوڵیدا بۆ دەستپێکردنەوەی بیرکردنەوە سەرلەنوێ .دوای بیست و چوارسەدە لەو ڕاستییانەی کە هیرقلیتس دۆزییەوە هەموو ڕیزی کلتووری فەلسەفی دوای ئەوی وونکرد .)) (:سوفرين ،۲۰۰۲ :۱۳و ١٤) کەواتە ویستوویەتی بیری سەرجەم فەیلەسووفەکانی پێش خۆی و بە بیری خۆی ڕەت بکاتەوە .ئەو زوڵمەی لە پێغەمبەرە دێرینەکەمان کراوە گەورەترین نەگبەتی و کارەساتی وێرانکردنی شارستانیەت و فەلسەفەی بیست و چوارسەدەی خراوەتە ئەستۆ و لە زەردەشتەوە بیگرین ئەوا دەکاتە تومەتی وێرانکردندنی ٢٦ سەدە (چونکە زەردەشت لە ٦٦٠ و هەندێکیش ١٥٠٠ تا ١٢٠٠ پ.زایین دەیخەمڵێنن، کەواتە جگە لە پێش زایین و یۆنانەوە موقەدەساتمان وەکو کورد کەوتووەتە ئەوپەڕی بێڕێزی و هەڵوەشاندنەوە ..)

۳-لادانی نەمری ڕۆح و ناساندنی وەکو شتێکی کاتی و لەناوچوونی :

هەر لەو کتێبەدا دەڵێت :(( سوێند بەشەرەفی خۆم دەخۆم ، ئەی هاوڕێ ، ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت نییە ، نەشەیتان هەیەو نە جەهەننەم ، دەمریت و ڕۆحت پێش جەستەت دەمرێت ، لەمەولا لە هیچ شتێک مەترسە .)) (:سوفرين ،۲۰۰۲ :۲۳) کەچی لە ئاڤێستادا کە لەڕیزبەندی کتێبە یەکەمینییە ڕۆحانییەکانە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا*، سەرچاوەی دروست و ڕاستەقینەی زەردەشتە ، دەڵێت : (( ڕۆح ئەبەدییە ، لە کاتێکدا کە جەستە فانییە .)) (عبد الرحمن،۲۰۰۸ :٨٤٤) هەر لەو ۲ سەرچاوەیە باس لە ژێرکەوتوویی زەردەشت دەکات لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش / ئایا دوای ٢٦سەدە لە بانگەوازی تاکپەرستی و یەکەمین ڕزگارکەری مرۆڤی سەردەم و ناوچەی خۆی بووە حیکمەتەکانی لەگۆڕدەردەهێنرێن ودوای ئەوەی کە تیرۆری بیری کراوە ، لەهەمانکات دا دان بە ژێرکەوتووشی دادەنێت ؟؟ئایا گونجاوە پێغەمبەرێکی وەها بە ویستی نووسەرێک هەرکەسێک بێ ،َ بەو شێوەیە بشێوێنرێت ؟

بەڕای زەردەشت (( ڕۆح هەر ئەمێنێتەوە ئەگەر چاک بوو سەرەو ژوور ئەبێتەوە بۆ بەهەشت و چاوەڕێی لەشەکە ئەکا تا ڕۆژی زیندووبوونەوە دێت ، خۆ ئەگەر خراپیش بوو تووشی هەموو جەزرەبەیەک ئەبێ هەتا ئەو ڕۆژە ئەو وەختە چاری هەردووکیان دەکرێت .)) (سەجادی ،۱۳۹۱ە : ٦١٦ )سەبارەت بەڕووکردنە ئازاردانی ڕۆح و دەروون لەڕێگەی هیچگەراییەوە کەپێچەوانەی ئاڤێستایە چونکە ئایدیای ئاڤێستا هەمیشە داوادەکات (( نەفسی خۆت بە خەم و پەژارە ئازار مەدە چونکە پیاوی خەمبار هەست بە خۆشی دونیا و خۆشی ڕۆح ناکا .)) (سەجادی ،۱۳۹۱ە : ٦١٧ ) .

کە ئەمانە ڕوونترین بەڵگەن لەسەر نەگونجانی ئەوەی نیتشە مەبەستی بووە لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕۆحیانەتی زەردەشت .بۆ جەختکردنەسەر دروستی وەرگێران و دەرخستنی مەبەستەکەی هەمان شێوە لە سەرچاوە سەرەکییە ئەڵمانییەکەیشی هەیە ،(("پێشتر باسی شەیتان و جەحیم دەکات "و دواتر دەڵێت :نە شەیتان هەیە نە جەحیم ، ڕۆحی پرشنگدارت پێش جەستەت دەمرێت )) ( Nietzsche, 1999: 28 ). هەروەها (( هەر لەو سەرچاوەیدا کە سەیری ڕستەکان دەکەین لەبری مرۆڤ پیاو بەکاردەهێنێت نموونە " من پیاوم زۆر خۆش دەوێت ....)) (Ebenda.، 23-21 . p . ) دواتر

دەڵێت :(( خۆری مەعریفە جارێکی تر لە نیوەڕۆدا دەوەستێت ، مارێک لە نەمری پێچی لەبەر ڕووناکییەکەی خواردووەو خۆی مات کردووە .)) (die gleiche Quelle، p. 12 . )

فەلسەفەی مرۆڤی باڵای داهێنا کە (( فەلسەفەی مرۆڤی باڵا دژی مرۆڤایەتییەو وتارە هیجائییەکانی زەردەشت کە تەعبیریان لە ڕقوکینە دەکرد دژی ئەو مرۆڤایەتییە، لەژێر شێوازی نەرم و هۆکاری دەربڕین پەردەپۆشکراون.)) (اودویف ، ١٩٨٣: ٩٨ ) ئەو کتێبە بۆ زمانی کوردیش وەرگێڕدراوە ناواخنی باسەکە بەم شێوەیە سەبارەت بە هاوسەرگیری :(( تینوایەتی ئافرێنەر ، تیروتاسەیەک بۆ بەرزە مرۆڤ : پێمبڵێ ،کاکە ، ئایا ئەوەیە ویستی تۆ لەژن ومێردایەتی ؟ بەپیرۆزی دادەنێم وەها ویستێک لە ژن و مێردایەتییەک .وەهای گوت زەردەشت .)) (نیچە ، ٢٠٠١ : ٨٢) و (( ئەوی دی لە هەڵسوکەوت دا ساردبوو ویەکی وەک خزمەتکار هەڵبژارد بەڵام بە جارێکی دۆستایەتی خۆی فەوتاند .)) (نیچە ، ٢٠٠١ : ٨١) .

لەهەمان سەرچاوەشدا وەرگێڕانەکەی بە هەمانشێوەیە (( بەڵام زەردەشت کاتێک تەنیا ماوە ، بە دڵی خۆی گوت : " بە دوورنیە !ئەم پیرە پیرۆزە لە لێرەوارەکەی دا هێشتا شتێکی لەم بارەوە نەبیستووە کە خودا مردووە .)) (نیچە ، ٢٠٠١ : ١٦ ) سەبارەت بە تیۆرییەکەی داروینیش دەڵێت : (( مەیموون بۆ مرۆڤ چییە ؟ شتێکی گاڵتەجاڕ یان شەرمەزارییەکی تاڵ . مرۆڤ لە ئاست بەرزە مرۆڤ دا هەرئاوادەبێ : شتێکی گاڵتەجاڕ یان شەرمەزارییەکی تاڵ . ئێوە ڕێگایەکی کە لە کرمەوە هەتا دەگاتە مرۆڤ بڕیوتانە و هێشتا گەلێک شت لە ئێوەدا کرمانەیە .ڕۆژگارێک مەیموون بوون و هێشتاش مرۆڤ هەر لە مەیموونێک مەیموونترە .)) (نیچە ، ٢٠٠١ : ١٦ )

سەبارەت بەو باسە کە بەرگێکی فەلسەفی مەنگیان بەبەردا کردووە کاتێ دەڵێن: (( ئێستا ئەو هەموو سیمایانەی مرۆڤی نوێ ، کە نیتشە بەتایبەت بەهەندی وەرگرتن لە باخەڵی مرۆڤی بەهاکارەوە دەرچوون چونکە ئەو کرۆکە بوو تەواوکۆیی لەسەربنیاتنرا ، واتای ساکار بوو بە بنەماکانی فەلسەفەی نیتشەی لەسەر دانرا .لەسەر بنەمای وەها مرۆڤێک ، بەهێزترینی ئەو بەهایانە ڕاست بوونەوە کە پێگەی ژیانی مرۆڤی لەسەر بوو :مرۆڤی مۆڕاڵی ، ..مرۆڤی ئایینی ،.ئەمدنیایی، مرۆڤی تیۆری و مرۆڤی ئیستاتیکی .)) (شێخ ،٢٠١٢: ٢٧ ) ئێمەی کوردیش پرووشەی ڕازاوەیی و مۆدێرنایەتی وشەکان پەردەیەکی بەسەر داداوینەتەوە کە بیرمان نەخەینەگەڕ بۆ لێکدانەوەی بنچینەی ئەو جۆرە مرۆڤانە کە ڕەگەکەیان لەکوێ داکوتراوە و مەعریفەی تیرۆر کراویان چۆن پەردەپۆشکردووە ، ئەو مرۆڤانە کامەیان لە خێرمەندی ئافرەتن ؟ مۆڕاڵە بێزەییەکە یا ئایینیەکە کە هەرگیز ڕێنادرێت لەلایەن پیاوانی ئایینی و بەهۆی بایۆ ی ئافرەت کە ئافرەتیان تیاهەڵکەوێت . ئەوانەی تریش هەروا مەگەر ئیستاتیکە تەنها شێواز و دیوی دەرەوەی نیشاندات ؟. لایەنی هونەری ئیستاتیکی کە ئایا جوانە یان ناشیرینیش ناگرێتە خۆ بەوەی نیتشە کە درێژە پێدەری پەرەسەندنەو داروینیش ئافرەت بە ناکام دادەنێت .

کاتێک (( نیتشە ویستوویەتی ئەو داوایە بەدرۆبخاتەوە کە لەسەر نووسینەکانی بڵاوبوونەوە .چونکە سکاڵای لەسەر تاوانبارکردنی نووسینەکانی هەبوو ، گوایا پێودانی لۆژیکی تێدا نییە . بە توندی دابەزیوەتە سەر هەندێ لە خوێنەرانی ، بە چاوکز ناویان دەبات و دەڵێت : "ئایا چاوکزی ئێوە گەیشتۆتە رادەیەک وا وێنا بکەن ، گوایا ئێوە لەبەردەم کارێکی پەرش و بڵاوو لەت و پەت دان (شێخ ،٢٠١٢: ١٧ ) لەهەمان کاتدا (( مارتن هایدگەر تێبینی ئەوەی کرد ،کاری نیتشە بەقوربانی بەدحاڵیبوونێک بووە لە نێوان خوێنەرەکانیدا بڵاببوەوە .هەروەها تێبینی ئەوەی کرد ، بە پلەی یەکەم راڤەکارانی نیتشە لەم بەد حاڵییە بەرپرس بوون .)) (شێخ ،٢٠١٢: ١٨ ) ئایا ئێمە بەد حاڵین یا سەرتاپای خێرمەندی کار بۆکراوی ئاسمانی و زەمینی شێلاوە ؟ لە چ فەلسەفەیەکدا ئافرەت بەو جۆرە خزانراوەتە نزمایی و پیرۆزی دایکایەتیش پێی لێنراوە ؟(( نیچە لە ( زەدەشت وای گوت ) دا پیاو بە ماقووڵی و ژن بە ڕووکەش ناودەنێ . پەیوەندی نێوانییان لەسەر بناغەی بەرزونزمی یەکێکیانە .پیاو بۆ ژن تەنها یەک ئامێرە ئامانج مناڵە . بۆ پیاو ژن هەم مەترسییە وهەم یارییە "پیاو دەبێت بۆ جەنگ پەروەردە بکرێت و ژنیش بۆ بەرهەمهێنانەوەی جەنگاوەر شتێکی دی حەماقەتە . )) (نیچە ، ٢٠٠٠: ١١٣ ) ئافرەتی تا ئەوپەڕی ئاستی هیچ بردووە ، هەرچەندە ئەگەر لەو ڕووەوەی کە هیچگەرایەتی دروشمی بووە بە شتێکی سەیر دانانرێت . (( پێشگریمانەکانی نیتچە لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی ڕەگەزبازی ڕاوەستاوە چونکە ڕوکەشی بوونی ژن لەو ڕووەوە نیە کە یەک نهێنی و یەک گومانە (وەک درێدا دەڵێت ) بەڵکو لەو ڕووەیە کە دەزانێت ئەو هیچە.ژن بۆ بەخشینی قەڵایی ومانا بەبونی خۆی پێویستی بە پیاوە .)) (نیچە ، ٢٠٠٠: ١١٤ )

سەبارەت بەوەی ڕیسەکەی بووەوە بەخووری کاتێک بێخوایی خۆی جاڕدەدات لە زەردەشت ئاوای گوت و دواتر یش بەرگری لەخوادەکات . ((کابرایەکم لەسەردەمی شەیتان بەرگری لە یەزدان دەکەم ، شەیتانیش بریتییە لە گیانی ڕەزا قورس کەواتە چۆن دەبمە ملزمی بەهاو رۆح سووکیتان ؟!...ئەمە سەمایەکی خودادەو لەمن ناوەشێتەوە ببمە دوژمنی .)) (دانایانی بەناوبانگ ، ٢٠٠٠ :١٦٧ ) لێرەدا بە پێی لێکدانەوەی نووسەری بابەتەکە دەشێت نیتچە گەڕابێتەوە سەر فیترەتی پاکی خۆی ؟ دوای ئەوەی بانگێشەی مردنی یەزدانی کرد ؟ کەواتە هەر زوو و هەر لەپێش تەواوکردنی کتێبەکەیدا فیترەتی ئازاری دایەوە و بێ ئاگایانە جوانییەکانی خوا ی تاقانە مەستی کردەوە و قیزی لە مراندنی خوا و تێرۆرەکەی بیروباوەڕی زەردەشتی کردەوە و ناحەزی ئەهریمەنیشی دەرخستەوە ، حاڵەتێکی تریش هەیە ئایا ئەگەر پرسیکی وەهاش بکرێت کە ئایا ئەوە هەمان خوای تاقانەیە ؟ لەوەڵامدا هەر ئەوە ،چونکە دوای هاتنە کایەی ئەو مرۆڤە باڵا یەی بە پێی بیروڕای نیچە پەردەسێنێت زەمەنێکی تری ویستووە چونکە قۆناغی مەیموون و مرۆڤی ئاسایی بڕی بۆ پەرسەندنی ماددی دەڕوات تا ژیانیش مابێت و حەقیقەتێکی ڕاستەقینە نەبێت هەر بەرەو پەرسەندن، کەواتە باڵاش بۆ باڵاتر ئەو کاتە "خوانەخواستە"مرۆڤی خوا "دەردەکەوێت وەک باسمانکرد . ئەوەش مەتەڵێکی جێی سەرسوڕمانە چونکە هانی بەرەو باڵا بوونی دەدا و دوور نییە ئەو هەموو گوێڕایەڵییەی ئەڵمانەکان بۆ هیتلەریش نەکردنی نەبووبێت بە باڵا تر بە مرۆڤی باڵا . کەچی هەر خۆی نیتچە ترووسکایی فیترەتە مرۆییەکەی تێرۆرەکەی زەردەشتی تێرۆرکردەوە و کودەتای بەسەر خۆیدا کردەوە ، لەلایەکی تریش نیتچە کەخۆی نەخۆشی عەقڵی لەگەڵدابووە هۆکاری ئەوە بووبێت .ئەمەش دواتر دەمانگەڕێنێتەوە سەر نزماندنی پایەی ئافرەت بەرامبەر بە پیاو بەو واتایەی ئەو مرۆڤە باڵایەی کە پیاو بوو پەرەی سەند دەبێت بشپەرسترێت لەلایەن ئافرەتی لاوازەوە .

**٤-کاردانەوە و ناوبانگ بوونی زەردەشت بەجۆرێکی ترو لە ناوچەیەکی تری دوور لە زێدی ڕەسەنی خۆی :**

( لە ڕێگەی دووبارە تێرۆر کردنەوەی ئەمجارەیان مەعنەوی )

پێشتر باسی کوژرانی زەردەشت و هەوڵەکانی فەوتاندنی کتێبەکەیمان کرد ، بەڵام لە ئێستا داو بەهۆی " فەلسەفەکەی نیچە " دووبارە تیرۆرکرایەوە بەوەی(( زەردەشت بووە ڕەمزی نیتشە و کلیلی نهێنی فەلسەفەکەی ، کە کاریگەری زۆری لەسەر بیری بۆرژوا هەبووە، زۆر لە نوێنەرانی قوتابخانە فەلسەفیەکان و جۆراوجۆرەکان لە ژێر هەر بنەماڵەیەک بوون ، لەوەوە لێژبوونەتەوە، هەر لە ژێر سێبەری تیۆری وەرگەڕاون ، وەرگەڕاوی زەردەشت – نیتشەن .)) (اودویف ، ١٩٨٣: ١٦ ) ئەمەی باسکرا ئەنجامی هەڵبژاردنی ناوی زەردەشتە لەلایان نیتشەوە کە لە ڕۆژئاواش لەسەری نووسراوە .

(( لە ١٨٨٣ لە لایبرغ " کتێبی زەردەشت ئاوا دوا " دەرچووە . کە قەسیدەیەکی ڕەمزییە هەر دەستەواژەیەک تیایدا واتایەکی فەلسەفی شاراوە دەردەبڕێت ، دانەر لەسەر زاری زەردەشت تیۆرێکی ئیمانی نوێ دەردەبڕێت ،لەهەمان کاتدا خۆی لە بیرە فەلسەفییە پێشووەکانی ڕووتدەکاتەوە ، ئاماژە بە جەدەلێک تیۆرێکی فەلسەفی داهاتوویی دەکات .پێشتر خەڵک بەرهەمەکانی نیتشەیان کەم دەخوێندەوە ، ئەو کتێبەش کاتی خۆی تەنها ٦٠ دانەی لێفرۆشرا ، لە سەدەی بیستەم جەنگی دووەمی جیهانی تا وای لێ هات هەر سەربازێک کۆپییەکی لەگیرفاندا بوو، تاوانبارەکان و پیاوانی جستا بۆ نازییە کان ، ئەوانەی کە توندوتیژییان لەوڵاتی خۆیاندادەکرد و جگە لە کاری تاڵانکردن لە زەوییە داگیرکراوەکان ، بەهەموو دڵبەرزییەکەوە خۆیان بە کوڕی زەردەشت ناودەبرد ،لەو بڕوایە بوو کەڕۆژێک لەڕۆژان کۆرسی زانکۆیی تایبەت بەوکتێبەی "زەردەشت "ی دێتەکایەوە .)) (اودویف ،١٩٨٣ : ٥ و ٦ )

لێرەدا کلیلی دەرگای خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکەمان دەدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە : نیتشە لەڕێگەی زەردەشتەوە توانیویەتی بیرو لێکدانەوەی فەلسەفیانە دەربخات کە وەک باسمان کرد مردنی خواوەند و دەرکەوتنی باڵامرۆیە ، کاریگەری لەسەر بیری مۆدێرنیزمی ئەوروپی و پۆست مۆدێرنیزم هەبووە .بابەتی ئێمەش کە مێناسی سێیەمە بۆ بەرپەرچی پۆست فێمینیزمە وەک باسکرا دوابەدوای پۆست مۆدێرنیزم هاتووە، ، کە ئاوێزانی ڕێبازەکان و قوتابخانە فەلسەفییەکانە .. جا لەبەر ئەوەی :

١- ئەو بابەتە بنچینەییەی کە فەلسەفەی مۆدێرنیزم تیایدا کرۆکی مەبەست و مەعریفەکانی لێوەرگرتووە ماددیە و وێرانەی ڕۆحە و مەعریفەیەک یا مۆدێرنەیەک جیایە لەگەڵ دروستی مەبەستەکان و چارەسازی کێشەکان و دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارە بێ وەڵامە جێهێشتراوەکان . چونکە وەک دەبینین دەرکەوتنی بنیاد گەریش لەو کاتە بووە بۆ بەرپەرچ دانەوەی وجوددییەکان کە ئەوکاتە باڵیان کێشا بوو ، جگە لەوەی کە ئەو فەلسەفانە دژی ئایین و بگرە " تاگەیشتە ڕادەی بانگێشەی مردنی خواوەند " بۆ نموونە بنیادگەری ، بەڕای هەندێک لە هەوادارانی کە داوای بوونی بنیاد بۆ هەموو شتێک دەکات واتا کە شتێک بنیادی نەبوو ئەوا بوونی نییە .. وەک لای ڕۆلان بارت "لە مردنی نووسەر /موت الکاتب " ئەوە دەسەلمێنێت کە نووسەر دەمرێت لێرەدا کتومت هەمان بیری فەلسەفی نیتشەیە ، کورتەی مەبەستم دژی ئەو زەبروزەنگەی پیاوانی ئایینی سەردەمەکەیان و کتێبی پیرۆز ." بانگێشەی مردنی نووسەرەکەی دەکەن "کە خوانەخواستە خوا بێت ..چونکە لە نەتوانینی ڕوونکردنەوەیەکی سەلمێنراو بۆ ئەو بڕگانەی کتێبە ئاسمانییە تەحریفکراوەکان کە دەستی مرۆڤی پێوە دیارە لەلایەن پیاوە ئایینییەکانەوە دا گەیشتنە ئەو بیرە ..

٢- دوای ئەمە کتومت " لەدەرکەوتنی خوێنەر "واتا دوای بنیاد گەری ڕووت و مردنی نووسەر یا بەندیخانەکەی لە " لذة النص " و بایەخ پێدان بە خوێنەر و جۆراوجۆریەتی ی خوێنەرەکان و وەرگرتنی بیروڕا ی خوێنەرێکی باڵا بەتەواوەتی دەمانگەیەنێتە " باڵامرۆ " واتا مرۆڤەکەی کە نیتشە بانگێشە ی بۆکرد لەلایەک لەلایەکی تر چاکسازی جیهان و بەڕێوەبردنی خستە ئەستۆ ..

- ئەوەی لێرەدا زەرەرمەند دەبێت تاکی ئافرەتە چونکە نەلە بنچینە نیتشە بیەکە و ئەوانی تر ئافرەت هیچ ڕۆڵێکی نابێت لە بیری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چاکسازی جیهان لایان کە " مرۆڤی باڵایە چونکە ئەو مرۆڤە باڵایە دیسانەوە "پیاو " ەو ئافرەت نییە ..( وەک لەو سەردەمیشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر تر گوێبیستی" سۆپەرمان" ین سۆپەرمان /واتا پیاوی باڵا نەک مرۆڤی باڵا. و وەک پێشتریش باسمان کرد نیتشە هیچ بایەخ و گرینگییەکی بۆ ئافرەت دانەنابوو تەنها ئامرازێکی مناڵنانەوە ) . ئەگەر بە وردی لەمە ڕابمێنین تێگەیشتنی تەواومان بۆی تەنها چییە ؟ بێدەسەڵاتکردنی ئافرەت دوای لادانی گەورەترین هێزی خێر کە خوایە (( نیتچە ئەو خاڵە دووبارە دەکاتەوە کە وەک چۆن حەقیقەتێکی یەکتاو یەکپارچە لەبارەی ژیان و واقیعەوە بوونی نییە کە بیدۆزینەوە ، هەروەها حەقیقەتێک لەبارەی ژنیشەوە نییە چونکە ژنیش وەک حەقیقەت بوونی نییە .)) (نیچە ، ٢٠٠٠ :١٠٧) کەواتە کاتێ سڵ لەبوونی خوا بکاتەوە لای ئاساییشە کە سڵ لەبوونی ڕەگەزێک بکاتەوەو لە فەرهەنگبوون و ئەرک و پیرۆزیدا بیسڕێتەوە . سەبارەت بەزەردەشتیش دوای ئەو تاکپەرستی و پێغەمبەرایەتی و داوای بەدواداچوونی پاراستنی مرۆڤ و خێرمەندی هەتا دوای مردنی و لاشەکەشی ، کەچی لێرەدا کەسێک دوای ئەو مێژووە بە ئارەزووی خۆی وەسفی زەردەشت بەم شێوەیە دەوروژێنێت (( مخابن ، خۆ هەروەک زەلیلێک لەسەر ئەم پردە وەستاو : زەردەشت تەواوی ئەمانەیە .تەنانەت لەوانەیە ئێوە لەخۆتان پرسیبێ:"زەردەشت بۆ ئێمە کێیە ؟ چ ناوێک لەو بنێین ؟"و ئێوەش ، هەر وەک من ، وەڵامی خۆتان بەم پرسیارانە داوەتەوە : ئایا بەڵێندەرێکە یا تەواوکەرێک.پزیشکێک ؟یا چاکبۆوەیەک ؟پیاوچاکێک یان بەدخوازێک؟ .)) (نیچە ، ٢٠٠١ : ١٥٩) جگە لەوەی کە بەدی و شێت بوونی نیتچە لەژیانی داو ناوزەردی مرۆڤی باڵا هەرهەمووی بە ناوزڕاندنی مرۆڤی ئاری کەوتووەتەوە .

**5-بێئاگایی کورد لەو مەسەلەیە " یا بەهەند وەرنەگرتنی "بەپێی دەمامکێکی فریودەری مۆدێرنانەی ؟:**

گرینگی و ئاگاداربوون لەو کتێبەی" زەردەشت بەم شێوەیە کەوتە گۆ / نیتشە " و تێگەیشتن لە کرۆکی بیرە فەلسەفییەکانی بۆ ئێمەی کورد زۆر لەوە گرینگترە کە وەک ئەوروپییەکان بەسەرچاوەی بیری نوێی فەلسەفەی بۆرژوای دادەنێن چونکە :-بەناوی پێغەمبەری ئێمە وەکو نەتەوە ی کورد دواوە و پێچەوانەی بیرە فەلسەفییە ڕۆحانییەکانی و تاکپەرستی زەردەشت دواوە کە کتێبەکەی ئاسمانییە و خۆیشی نێردراوی خوای تاقانەیە . کەدواتر بووەتە هۆکاری دەرکەوتنەوەی بیری دژ بە مەبدەئی زەردەشت کە ئەوە خۆی لەخۆیدا تیرۆرێکی فیکری فەلسەفییە ( تا ئێستا من نەگەیشتوومەتە هیچ سەرچاوەیەکی کوردی کە لا لەو بابەتە بکاتەوە) تەنها ئەو وتارەی نووسەرێکی عەرەب "جگە لە ئەڵمانییەکەی باسمانکرد (( ڕەوا نییە ئەمڕۆ بە کوفر مەحکوم بکرێت ، هەروەک لای هەندێک دەخوێنرێتەوە ، چونکە پێش دا بەزینی ئایینە ئاسمانییە ناسراوەکانی ئەمڕۆ ژیاوە و بانگەوازی ڕەوشتی کردووە . لە ڕیزی گەورەپیاوانە کەنە

ئەفلاتوون یەکەمینەو نە نیتشە کۆتاییانە))( المنصور، ٢٠١٢ )چونکە ئەوە دەبێتە خاڵێکی وەچەرخانی " گەڕاندنەوە یان هەوڵی ناساندنەوەی زەردەشت بە ڕۆژئاواو بیری فەلسەفی جیهانی ،چونکە دوورنییە پاش سەردەمانێکی تر زەردەشت وەکو ڕۆئاواییەکیش پێناسە بکرێت .

هەرچەندە نووسەرێک لەسەر ئەو کتێبە دواوە بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە بیروباوەڕی زەردەشتی تیادا تێرۆر کراوە ، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە تەنها بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە ورش و پرشی ڕۆژئاوا بەری چاوی گرتووین (( ئاینی زەردەشتی بڕوای بە ڕۆح هەیە ، ئەوەی کە لەناو دەچێت جەستەیە نەک ڕۆح ، ڕۆحیش لە ناو بەرزەخ دەمێنێتەوە ، جەهەندەمیش لە چاو ئاینەکانی تر جیا وەسفی کراوە بەوەی ناوچەیەکی ساردەو ئاژەڵی دڕندەی تێدایە بۆ سزادانی ئەوکەسانەی دەستیان لە خراپە لە دونیادا هەبووە )) (خانقینی،٢٠١٢ )) و (( ڕێنماییەکانی زەردەشت جیهانی زەوی بەهۆی پردێک بە جیهانەکەی تر دەگات ، لەلای سەروو پاکیزەی جوان ڕابەرایەتی ڕووحی خێر دەکەن بەرەو خوای گەورە و کامەرانی ، ئەوەی کە ڕوحی بەدە ، لەکاتی ڕۆیشتنی لەسەر پردەکە دەکەوێتە دۆزەخ بەهەشت و دۆزەخ هەمیشە لەنەمریدا بەردەوامن .)) (نعمە ،١٩٩٤: ٦٣ ) لەگەڵ ئەوەی کەباسی نیتشەی کردووە کە زەردەشتی وەکو حەکیمێک لەکتێبەکەیدا بەکارهێناوە هیچ ئاماژەیەکی یا بڵێن ڕەخنەیەکی لەوبارەیەوە نەگرتووە کە لەسەر زاری ئەودا باسی نەمانی ڕۆح و نەبوونی شەیتان و دۆزەخ دەکات ، لەهەمانکاتدا دەڵێت :(( بەیەکەم ئایین دادەنرێت کە خودای یەکتا کردووە ، و کودەتایەکی گەورەی لە مێژووی مرۆڤایەتی کردووە .یەکەم جاربووە کە بۆ لادانی گوناهەکان ڕوو لەدروستکەر بکەن و یەکتاپەرستی بکەن و سوجدەی بۆببەن .)) (خانقینی،٢٠١٢ )جا ئایا هۆکارەکەی چی بووە ئایا نووسەر سەبارەت بە پێزانینی ئەو پیرۆزییەی خوای تاقانە لای زەردەشت و بانگێشەی مردنی لای نیتشە چۆن لێکدەداتەوە ؟چونکە زۆر جەخت لەسەر تاقانەیی خوا و پیرۆزی دەکاتەوە لای زەردەشت .. هەر سەبارەت بەمە ، بە پێی ناونیشانەکەی لێکۆڵینەوەکەی کەداوای گەڕانەوە بۆ زەردەشتییەت دەکات ، پرسیارێک دێتە ئاراوە کامەیان ؟ تێرۆرکراوەکە یان سووتێنراوەکە؟ یا پێش هەموو شتێک بیروباوەڕەکەی ڕاست بکەینەوە ؟ . دیسانەوە یەکەم ئایین نییە کە یەکتا پەرست بووبێت .

**بەشی دووەم :**

*زەردەشتێتی و مەلای گەورە :*

زیندووکردنەوەی فەلسەفەیەکی ئەڵمانی ڕۆژئاوایی بە ناوی زەردەشت پێشتر تیشکی خرایە سەر، لێرەدا ڕای مەلای گەورە لەسەر زەردەشت و بوونی وەکو پێغەمبەرێکی کورد و دواتر وەڵامی ئەو پرسیارەی دەدەینەوە کە دەستەوەستانە بەرامبەر دەستەوەستانی ئەڵمانیەکان بەو زەلیلییە بەرامبەر هیتلەرو دوازەرەرمەندیش ئافرەت .

*١ -زیادەڕۆیی باسکردنی مەلای گەورە بۆ زەردەشتی کورد و تەسدیقی پەیامەکەی :*

مەلای گەورە لەزۆر شوێنی تەفسیرەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە (( کلی شعبێ هەیە ، رسولێکی بوو ، حتا کوردیش بۆ زیندی کردنەوە و حیاتی معنویان .)) ( مەلای گەورە ، ٢٠٠٩، ب/٣ : ٢٦٥) تا ئێرە ئاگاداری بووە ،هەتا لە دەست لێدانیشی بەڵام وەک دەردەکەوێت لەوانەیە مەبەستی تەحریفاتی ناو میللەتەکانی خاکی ئێران خۆی بێت ، چونکە لەسەرتاپای تەفسیرەکەدا شتێکی لەو بابەتەم تیادا نەدۆزییەوە (( گەلێ لە علمای اسلام تێدیقی رسالەتی زەڕادوشت ئەکەن ، غایەتی وەکی سائری رسلی دی حتی موسی و عیسی کتابی تحریف کرایە نهایەت دینەکەی بزر بووە .)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/٨ : ٢٨٨)

*2- ڕای مەلای گەورە سەبارەت بە ئەبەدییەتی ڕوح :*

لە وەرگەڕانەکەی نیتچە بۆ زەردەشت لایەنی ڕۆح بێ بایەخ دیارخراوە وەک باسمانکرد، ئێستاش لابەلای بیرو ڕای مەلای گەورە دەکەینەوە (( عمومی ملیون حکمای الهی متفقن روح بە خراپ بونی بەدەن نافەوتێ ، پاش مفارقە ئەمێنێ .

)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/٣ :٨١ ) و نەک باوەڕی خۆی بەڵکو بۆزیاتر سەلماندنی (( روح لە نظر سقراط و افلاطون وەکی اکثری علمای اسلام ، لایان وەیە ، جوهرێ لطیفە ، داخلی بدنە ، قبل الدن بوە ، وە بعد الفراق ئەمێنێ ، ئەوەی عاقل و بالغ بووبێ ، مکافات و مجازات ی معنوی ئەبینێ .)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩،ب/ ٩: ٤١٧ ) زۆر بەڕوونی مەسەلەکەی شیکردووەتەوە بێگومان ئاگاداربووە بەڵام لە بنچینەی داهاتنی نا (( کەسێ انصافی بێ دەزانێ عقل چەند بێ طاقەتە ، زۆر تابعی میل ئەبێ ، خۆ ناگرێ ، لەبەر ئەمە بشر موحتاجی رسولە ، ایقاضی ئەکا .)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/ ٥ :٢٠٣ )

مەلای گەورە باوەڕی بە عەدەمییەت بەو مانایەی نەبوونی حەقیقەت نەبووە (( لازم نیە هلاک بە عودی الی العدم المحظ بێ . جواهر و اعراض ، مجرد و مادی ممکن لە معرضی زوالن ، ولو دائم الوجود بن ، حتی اعمال ئەوەی بۆ خوای لوجە الله بێ ، اعتباری اثری عملی صالح ئەمێنێ .)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/ ٧: ١٥٢ ) کەوا لە خەڵک بکات ڕوو لە چاکەکاری وەربگێڕێ و بڕوای بە نەمانی ڕۆح و حەشر نەبێت .

بەڵگەی نادروستی هیچگەرایی لای ئەو بریتییە لە :(( ئەگەر کەسێ لە کتمی عدم خلق ئەکا ، ئەوە اعادە و زندوو کردنەوە نیە ، خلقێ سەربەخۆیە . لەو تشبیهە لازم نابێ مەساواتی من کل الوجوە ، تا بڵێن انسانیش بە ئاو و بارانی لە ناو قەبریان شین ئەبنەوە ، وا ئەزانن ئەو قەبرانە ئەمێنن ئەو اجزایانە لە ناویاندا بە محفوظی ئەمێنن !!!هایهو " رب لحد یار لحد مرارا "هەزار هەزار قەبر تێک چوو خۆڵی هەیکەلی صاحبیان نشر بوو ، بەڵکو بوونە شتی تر .)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/ ٣: ٢١٢و ٢١٣ ) "ئەمە ڕاستە مەلای کەورە وای ووتوەو لەشوێنی تردا باسی مەسەلەی کلێنجەی کردووەتەوە کەواتە بە هەڵە داچووە یا نەچووەتە ناو بنەوانی بوونی جینات لەو کاتەدا " بەڵام وردە وردە دەگات بەو زانستەی کە ڕۆژگاری ئەمرۆش کاردەکات و دژی نیچە و نەمانی ڕۆحە (( وا مەزانن هەر ارضی بارانی لێ بیارێ ثمراتی باش ئەبێ ، بەڵکو ئەمە تابعی گڵ چاکیە . )) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/٣ : ٢١٣) بە بەڵگەی ئەوەی (( قسەی هەموویان لە زەمانی حضرتی نوح تا زەمانی خاتم الانبیاء یەکە . )) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/ ٣: ٢١٥) تا دێتە سەرباسی جەستەو مانی ڕۆح (( لای حقیر وایە حشری اجساد نەبێ نبوەت هیچ لزومی نیە.)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/٤ : ١٧٦)

ئێستاش ئاشکرایە کە جینی کلێنجەی مرۆڤ دۆزرایەوە کە نەمرەو هەموو خەسڵەتێکی تاکی مرۆڤی تیادایە لەناو یناچوئەبەدییەتی هەیە واتا هەرگیز لە ناو ناچێت .

دووبارە ڕووی گلەیی دەکاتەوە نەتەوەکەی (( حتی کوردیش ، اما محافظەی دینیان نەکرد .)) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/ ٨: ٧٩ ) و (( حتی قومی من ، یعنی کوردی نجیب ئەوەی لە دونیا بە رسالەت ناردرایتە سەریان لە خۆیان ، وەک جنابی رسالەت لە عرب . ئەمڕۆ اکثری دانایانی کورد دەڵێن : " زەردەشت رەسولی کوردان بووە . حقیقە گەلێ لە علمای عظام حسب التتبع ، تصدیقی رسالەتی زەردەشتیان کردیە ، رەسولێ بە حەق بووە ، لام وایە ئەم سەردەشتی مشهور اصلا بە ناوی وی بووە ، تحریف کرایە ، تاریخی معلومە لە اذر بایجان بووە ،معجزەی نور بووە ، لە ابن حجر وەردەگیرێ مجوس تحریفی کتابیان کردیە ، ئێستا دەڵێن بعظە اثاری لە کتابی دەرکەوتووە ، احکامی معقولی تیایە ، اما نابێ کورد بەو قسە لەدین دەرچن . زەردەشت رسولی خوایە مع الاسف اساسی دین و ئاینی مجهولە . )) (مەلای گەورە،٢٠٠٩، ب/٥ : ١٧٣)

لەم دەقەدا ئەمان ڕووندەبێتەوە :

١-ئەوە دەڵێ کوردە ، ئاوایە .

٢-اساسی مجهول و تحریفی سەردەشت ، کەواتە مەلای گەورە ئەگەر چی نەک تحریف بەلکو تیرۆرکردنەکەی بەدەستی نێتشەی نەزانیوە کە چی بلیمەتانە پێشبینی و ئاگادارکردنەوەیە کە ونکراوە ، دروستە ، چونکە ئەگەر بەتەواوەتی بایەخی پێبدرابا و بپارێزرا با و دۆزینەوەی بەدوا دا هەبووایە بێ گومان تا ئەو کاتە مەلای گەورە لەلایەک بە تیرۆرەکەیشی دەزانی و لەلایەکی تر فەیلەسوفێکی ڕۆژئاوا نەیدەتوانی بەو شێوەیە بەناوی ئەو قسە بکات و بیکاتە ڕەمزی گەورەترین دژایەتی یەکتاپەرستی و دواتریش مرۆڤی باڵا و نەهامەتی ئافرەت و بانگێشەی ئیلغاکردنەوەی ڕەوشت و لە بنچینەدا بوونی پیرۆزی و ئەزەلیەتی ڕۆحیشی شەرمەزارکرد .

٣-موعجزەی نور و وەرگەڕاندنی لەوەی کە ڕۆحیش هەبێت .

٤ –تحریفی لەلایان مەجوس بەهەند وەردەگرێت ، کە هەر لەو ناوچەیە بوونە و ئەوپەڕیەکەی خێر و شەڕیان کردووەتە بەرامبەریەک نەک هێزی خێرائیلغاکەنەوە .

ترسی ئەوەش ئەو کاتەی سەردەمێک دێت و وردە وردە مۆدێرنەتێکی تر دەمۆدێنرێ و " پۆستەدەکرێتەوە " ، ئەو مەعریفەیەی کە لەوە سەری هەڵداوە وەک باسمان کرد " لای نیتچە ، ئەو ساکاری و نەبوونی حیکمەتی ڕوحانی و الغای هەتا ئاینی مەسیحیش " گاڵتەجاڕی پێدەکرێ و وردە وردە ئێمەی کوردیش کە بە "بایەخ دان بە زەردەشت ڕاناگەین و بیروباوەڕی و پاکیەتی ئەویش هەر شاراوە بێت " ئەنجام شەرمەزاری بۆ " کێ وا دوا ؟ کە زەردەشتە " دەمێنێتەوە ... کەسێ کە نەیناسێت و نەزانێت بنچینەی چ بووە ، ئەوکات چ بە زەردەشت دەڵێن ؟ جگە لە و پیرەمێردەی کە لە کتێبەکەی نیتشە مردنی خوای تاکی ڕاگەیاند (( زەردەشت بووەتە ئەو پێغەمبەرەی کە نیتچە لە سەر زاری ئەو دا کتێبە بایەخدارەکەی نووسیوە .)) (برومیثیوس ، ٢٠١١) " ئاشوبی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بەتایبەت ئافرەت نایەوە و بڕوای بەبوونی ڕۆح نەبوو! (( پەیرەوی هیچ ئاینێک ناکات لە ئایینەکان و هەر بەڵگەیەک قبوڵ دەکات ئەگەر سەلمێنەری ئەوە بێت کە وجودی خوا و ئیمکانییەتی وجود لەدوای مردن نیە .)) (برومیثیوس ، ٢٠١١) کەواتە لە خاوەن موعجزەی نورەوە بۆ گەمژەێکی لەناو بەری نوور .

دووبارە جیاوازی مانی ئەبەدی ڕۆح و جەستەدەکات لەبیروبۆچوونی یۆنانییەکاندا (( سەرداری حکمای الهیون افلاطون وەکی لە کتابی مجادلات ی افلاطون وەرئەگیرێ ، عینا وەکی رسولی کریم وە علما ی تحقیق ئەفەرمووێ : روح ی بشر پێش بدن موجودە ، ئەچێتە ناو بدن حیاتی پێ ئەدا ، بعدە ئەچێتە دەر ، وە ئەمێنێ .لکن فلاسفەی یۆنان حشری اجسادیان لانیە ، بەس حشری ارواحی هەیە .)) (مەلای گەورە ،٢٠٠٩ ، ب/ ٨: ١٣١) و (( اما روح بە معنی جوهری مجرد بی ، کە منزە بی، لە مکان و تحیز هەرچەند ارسطو و شێخی ابن سینا وامامی غزالی و کباری صوفیە اختیاریان کردیە ، اما من پێی راضی نیم .)) (مەلای گەورە ،٢٠٠٩ ، ب/ ٨: ١٣٢ ) نیتچە دوای ئەوانە پێداهاتەوە ئەفلاتوون دوای پێغەمبەر موسی "سڵاوی خوای گەورەی لێ بێ " زەردەشت پێش ئەو بووە . بە شێوەیەک ئەو تاکپەرستییەی کردووە کە لەمەڕ ئافرەتیش لە بڕیار و یاسا ی خۆی پاشگەز بوەتەوە بۆ طبیعەتی حال و فطرەت (( سەقراط و افلاطون و ارسطو ، نوعا ما قدسیەت و وحدانیەتی کبریائی یان هێنا ناو عقلی بشری .)) (مەلای گەورە ،٢٠٠٩ ، ب/١٠: ٧٠٤ )

3-- دەستکارییەکەی نیتچە و پرسیاری مەلای گەورە لە بارودۆخی ئەوکات :

(( کتابی زەردەشتی لە تاریخی عمومی ئەڵێ : ایرانی ئەڵێن : ئەسکەندەر مەحووی کردیە .اما یِلابەتی اورپایی قبوڵ ناکا ئەڵێن : فاتحینی عەرەب مەحوو نابوودیان کردیە .قسمێ ماوە گۆیا دۆزراوەتەوە . گەلێ کەس لە علمای گەورە تصدیقی رسالەتی زەردەشتیان کردیە غایەتی بعدە اتباعی وەکی جووان کتابیان تحریف کردیە ، وەکی دیانان دینیان تێ داوە .)) (مەلای گەورە ،٢٠٠٩ ، ب/ ٦: ١٧٣ ) " وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە مەبەست لە تێکدان واتا دەسکاری دین لای ڕێبەرانی "مەلای گەورە وەک ئاگاداری هەواڵی جەنگ و جیهان بووە و لەزۆر شوێنی تەفسیرەکەیدا باسی ڕۆژانی جەنگی جیهانی دەکات ، پرسیارێک دەکات کەئایا نهێنی سەردانەواندن و ئەو جۆرە گوێڕایەڵیەی هێزی ئەڵمان بۆ هتلر چی بووە ؟ چۆن وای کردووە ئەم خەڵکە بەدوایەوە بن و تەئیدی بکەن هەتا پارێزگاریشی لێ بکەن ، سەرەتای ئەو پرسیارەی باس لە مەزنی مامۆستا دەکات کە عەقڵی قوتابی دەبات و عەقڵی خۆی لە شوێنیان دادەنێت ، بەڵام وەک بۆ ئێمە ڕوون بۆتەوە بە بەڵگەوە نهێنی هتلەر ئەگەر لەسایەی پێغەمبەرێکی ئێمەوە لەڕێی تیرۆرکردنی بیروباوەڕی یەکتاپەرستیانەی کاتێ لەو سەردەمەدا کە کەس گوێی بۆ نیتچە ڕانەدەگرت و بەرهەمەکانان نەدەخوێندەوە ، کەچی کە زەردەشت ئاوا کەوتە گۆی بڵاوکردەوە و هانی مرۆڤی باڵای داو توندو تیژی خستە نێو عەقڵی تاکەوە کە ئایا چی بەسەر دێت لەپێناوی ئەوەی باڵا بێت ئەبێ قبوڵی بکات واتا بەشێوەیەکی وەهاکاریگەر و وردبینانە توانیویەتی سوود لەو تیۆرانە وەربگرێت بەتایبەتی کاتێ لە ئەنجامی تیۆری پەرەسەندنەوە بەرەو قەناعەتی کاملی ئەو پرسیارەی (( ئایا دەتەوێت ببیتە ئەو دوورگانەی کە لافاوی مەزن بەسەری دادێت و دەبنە درندە لەبری مرۆڤی باڵا ؟ مەیموون چییە بەرامبەر مرۆڤ ؟ گاڵتە جاڕە یان شەرمەزارییەکی ئازاربەخشە ؟ مرۆڤی ئاسایی چییە بەرامبەر مرۆڤی باڵا ؟ گاڵتە جاڕە یان شەرمەزارییەکی ئازاربەخشە .))( برومیثیوس، ٢٠١١) وەک پێشتر باسمانکرد هەریەک لەو جەنگاوەرە ئەڵمانیانە

کتێبەکەیان لە گیرفان دابووە و کراوەتە کتێبی گیرفان   کە واتە ئەمە نهێنی ئەو " بەداروديواردادان قبوڵکردنەیە کە مەلای گەورە لێ ی دەپرسێت ، ئەو قاتی وقڕی و کوشتارو نەگبەتی کە ناواخنی سەرەکی مێناسیەکەمانە لەلایەک و ئەو زەلیلیەی کە ئافرەت تووشی دێت کە بکەوێتە ڕێی کەسێکی وەها کە بە تیۆری مرۆڤی باڵا گۆش کرابێت . بۆیە هەر لەڕێگەی سەرسوڕمانی خۆیەوە داوای ئاگادار بوونی خوودی تاکەکان دەکات ، کە شتێک هەیە پاڵنەری ئەو جۆرە حەماسەتەیە و بەرەو سەرگەردانیش دەچێت . (( بنۆڕنێ هتلر عقلی لە نەوەد و سەد میلیون بەڵکوو زیاتر گۆڕی ، عقلێ بە هەوەسی خۆی هاویشتینە دەماغ یان ، ئەوا ساڵەک و پێنج مانگە ، ئەو قومەی بە دارو دیواری دادەدا ، لە هوا ، لە بر لە بحر ئەکوژن ، ئەکوژرێن ، ئەسوتێن ، ئەسوتێنن غرق ئەبن ، بەو عقل و خیانەتەوە ، ڕۆژ بە ڕۆژ هەوەسی حرب و نشاطیان زێتر ئەبێ ، ئێتر لازمە انسان بە احتراز بێ ،.)) ( مەلای گەورە ،٢٠٠٩ ، ب/١٠ : ١٣٢ )

بۆ وەڵام دانەوەی مەلای گەورە ئەم جارەیان هتلەر سوودی لە هەڵەی پیاوانی ئایینی و بارودۆخی ئەو کاتەو هەڵگرتنی کتێبەکەی "زەردەشت ئاوادوا "ی پێغەمبەرە بیروباوەڕتیرۆرکراوەکەمان لەلایەن هەریەک لە سەربازەکانەوە وەرگرتووە . مامۆستایەتی کردوون و ئەمەش کاریگەری سەمەرە و بەردارو کاریگەری هەیە هەروەک (( بەرنادشۆی مشهور لە موقعێ لە جامعی هۆنفۆی کۆنفو ی لە چین نصیحەتی اولادی مەکتەبی ئەکرد ، ئەی وت : ئاگاتان عقلی خۆتان بێ ، چونکی هەر معلمە خەریکە ، عقلی انسان لە انسان صرف کا ، عقڵێ بە هەوەسی خۆی لی جێی دانێ . )) دواتر نابێت زەرەر مەندی ئافرەت و مناڵ لەو جەنگانە لەیاد بکرێت کە ببوونە کۆدی پڕهێزکردنەوەی سەربازەکان لە سەربازگەکانییان .

لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی "جوهر الانسان " دا سەرم سوڕما لەوەی کە مەلای گەورە پرسیاری لەنهێنی کەسێتی هتلەری کردبێت و ئەو پرسەش لای زاناو دەروونناسی جیهانی لەو ئاستە لێی کۆڵرابێتەوە کاتێک " ایریش فڕۆم " دەڵێت: (( هیتلەر کەسێتییەکی "نێرگزی ،خوێنڕێژی ، نکروفیلی" کامڵ بووە و قەناعەتی چەسپیوی بەوە هەبووە کەخۆی سەنتەری هۆشداری نەوازەی کەون بووە و ئەو ئیرادەی بەجەستەکراوە تاکەی بەبەرداکراوە پاساوی هێزە ناوەکییە ئاسمانییەکەی کە هتلەر تەنها خۆی بوونی هەیە . وەکو ئەوەی کەسێکی تری لەخۆی نەگرتبێ ئەو نەبێت دواتر خۆی کە ئەندازیاری بیناسازی بووە مامەڵەی بەردی لەگەڵ خەڵک کردووە ، بۆیە دەڵێت : " شیاو نییە کە بەردت خۆشبوێت یا ڕقت لێی بێت ، یا حەقیقەت بە بەرد بڵێیت .)) (فروم ، ٢٠١١: ١٤٣و ١٤٥ ) بێگومانیش ئەوە کاردانەوەی فەلسەفەی باوی ئەوکاتەش بووە لەسەر کەسێتی هیتلەر و وەکو ئەوەی بووبێت بە باڵامرۆیەکە ی بانگێشەی بۆکرا .

4- باڵایەتی پیاو و زەلیللی ئافرەت و دایکایەتی:

لای مەلای گەورە هەتا هەشبێت مرۆڤی کامڵ دیسانەوە دوور نابێت لە کەم وکووڕی ، چونکی مرۆڤ لە ئەسلەوە ویژدانی هەیەو کارلێکراوە ناتوانێت لە خۆیدا ڕیشەکێشی بکات (( انسانێ کامل زۆر جار لە نفس و حضوری نفس ی غافڵ ئەبێ ، ئەمە شتێ وجدانی یە نفسی نیە . قوایەکان لە اصلا هەن ، لە خارج زیاد ئەکەن ، بالفعل بۆ صحبی ادراکی اشیاء وردە وردە پەیا ئەبێ .ادراکاتی اولی سمع و بصر بۆ انسان موجبی امتیاز نیە . ادراکی تبصر و تاملە لە مسموعات و مبصرات خۆیەتی . وەک معانی ثانوی بلاغەت هەبێ، ببینی ، حکمەتی وەر نەگرێ ، علامەتی بێ فۆادی یە .)) (مەلای گەورە ،٢٠٠٩ ، ب/٥ : ١٦٧و١٦٨ )

کەواتە تەنها لە ڕێگەی حیکمەت و بەدەستهێنانی مرۆڤ بەرەو باڵایی و خێرمەندی دەچێت وەک لای ئەفلاتوون ، بۆیە مەلای گەورە ئاگاداری ئافرەت دەکاتەوە بەتایبەتی لەو دیمەنە گڕدارو بەسۆزانەی کە لە ئەوروپاداباون وبەری ڕاسپاردەی تیۆرییەکەی نیتچە و دیدی بۆ ئافرەت کە تەنها وەک بوکەڵانێکی دادەنا کە پیاو یاری پێبکات (( امین بن بە صداقەت و خلەت ی اوروپی هەڵناخەڵتێن ، فتاەی لە باوش ئەکا ، بەسنگی خۆیەوە ئەنووسێنێ ، گۆیا ئەمە محبەت و عطف و حنانە ، وەچەند ماچی باوکانە لە لێوو کوڵمی ئەگرێ ، خوا ئەزانێ درۆییە ،!زۆرناچێ فتاەی قوڕ بەسەر زگی پڕ ئەبێ ، ئەو باوکە رفیقە ، ئەو محبە صادقە ، ترکی ئەکا، ئەوجا ئەوی بەسەری دێ ، دێ ! .)) ( مەلای گەورە ، ب/٦: ٢٦٨ و ٢٦٩) بۆیە دیسان ئەمە دەمانباتەوە ئامێزی کۆماری ئەفلاتوون و پەیدابوونەوەی تاقیکردنەوەی مناڵ و فڕێدانی ئەوانەی لاوازن و دووبارە ئازاردانەوەی دایک و مناڵ و کۆمەڵ ..بەمەش بۆ دایک و بە حورمەتکردنی وڕۆشنفکرکردن و داوێن پاکی نەک وەک نیتچە دەڵێت : (( ئافرەت تەنها زەمینەیەکە بۆ بەتاڵکردنەوەی شەهوەتەکان ، تەنها بۆ مەبەستی گەرەنتی مانەوەی مرۆڤی باڵایە و چاڵێکە سروشت دایناوەتەوە.)) (المهیری ، ، ٢٠١٢ )

ئەوەی ماوەتەوە مرۆڤە باڵاکە کە (( هەست بە بەزەیی ناکات بەرامبەر لاوازەکان و تەنانەت بەرگەی ئەوهەستانەشی نییە .)) ( برومیثیوس، ٢٠١١ ) جگە لەوەی کە ئافرەت لاوازە و قبوڵی ناکات لێرەدا پرسیارێکی تر دەوروژێت ؟کە هێز وەها باوو زاڵبوو دایک مناڵە بێهێز و بێدەسەلات و چاو لە زەیی پێداهاتنەوەی چۆن بەخێوو پەروەردە بکات لەلایەک لەلایەکی تر کە مرۆڤی باڵا (( سۆزی مرۆڤ بۆیەکتری بە گرینگترین بەڵگەی لاوازی دادەنێت. )) ( برومیثیوس، ٢٠١١ ) پرۆسەی باوکایەتی "واتا لەڕووی سۆزدان و بەخێوکردنی مناڵ" لەو بازنەیەدا چۆن کارادەبێت ؟ بۆیە مرۆڤی باڵا تەنها "گەمژە"یەکی ڕووتکراوەیە لەهەموو قییەمێکی مرۆڤایەتی وەک خۆیان بانگێشەی بۆ دەکەن .

مەلای گەورە هەروەکو ڕوونکردنەوەو پێشنیارێک بیرێکی ڕەسەنی خۆی دەردەخات سەبارەت بە هەڵگەڕانەوە لە بڕوابوون بە ئەبەدییەتی ڕۆح و ئیجابیەتی بۆ هەمووان (( کەسێ بنۆڕێتە مسرحی حیات وائەڵێ :" ئەم دنیایە بە ملعبەیە بەڵام ملعبەیێ ناخۆش ، حیاتێ نامنتظم ، پڕلە اکدارو ئالام و محنەت و شەڕوشۆر ، علاوەی هەموو ، مردن مردنێ بەو نەوعە ، و ئەڵێ : ئەمە بۆ عبد کارێ بێ هودەیە ، ئەگەر بعثی بعد الموت و مجارات و مکافات و حیاتی ابدی بۆ بشر نەبێ !! .)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/٦ : ١٢٠)

کەواتە ئەگەر چاوەڕێی نوێبوونەوەی ڕۆح نەکەین ژیان مەحاڵترە لەلایەک ،لەلایەکی تر ئەگەر ئەو ترسەی ئەبەدییەتەو حەشرە نەما تاکی مرۆڤ ئازادییەکی ڕەهای وەها بەخۆی دەدات و ڕەوشت و بنەماو داب ونەریتەکان لادەدات و بەرەو ڕێگایەکی وونکەر دەڕوات و زەرەرمەندی ڕاستەقینە و سەرەکی لەو گێژاوەدا مرۆڤ وبەتایبەتیش خودی ئافرەت خۆیەتی لە سەقامگیرنەبوونی ژیانی و بێبەشی لە پرۆسەی پیرۆزی دایکایەتی و گێژاوی قێزەوونی نانەوەی منالی زۆڵ بۆیە ساتیرانە دەڵێت: (( ئی لەمەودوا تا بەر حیاتی لێدە ، لەدوای موت قیامەتی چی ؟ ! درۆیە ، حشرو نشر و جنەت و نار ، حاضری بەقەرد مەدە ، وەکی خیام ئەڵێ تستری ژنان بۆ ؟ حیف نیە ؟ جنسی لطیف و خشن دائما تێکەڵاو نەبن ، ڕان و پیل و سینگ و مەمک و ڕان تا نیزیکی سمت منکشفە ، چ قەیدییە ، با تەماشاکەر لذەتی لە حسن ببینی ، یەکی قۆڵ لە قوڵی کچێ ، یا ژنێ باوێ برۆن بۆ نزهەت گاە قەیدی چیە ؟ دۆستن ، خلیلن ، زۆر ناچێ ، زگی بلٔند ئەبی ..)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/ ٧: ٢٠٦ و٢٠٧ ) ( وێنەی گوزەراندنێکی ڕۆمانسیانە دەردەخات و بەوردبینی دیمەنەکان وێنادەکاتەوە تا دەگاتە زەنگی ترسناکی سکپڕبوون و نانەوەی منالی زۆڵ .(( لە ترقی و تزکیەی نفس و اعمالی چاکە محروم ئەبێ . خلایە ئەبێ بە سەگە بەڕەڵا ، ئەوی میلی نفسی بۆی ڕێک کەوت ، ئەیکا . فی الحقیقە ئەوە تی شکانێکە کە سەرمایەی ئەبا .)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩، ب٣: ٥٥) (بۆیە ئاماژە بە بەو هێزی وریاییە دەکات کە مرۆڤ دەپارێزێت و ئەوروپی بایەخی پێنادەن (( باوجودی هەمو الات ئەدەواتی تێ گەیشتنی هەیە ، اما سبب بە ظلماتی اوهامی فاسدە اخلاقی سیئە و انغماسی فی الشهوات ، قوەی انتباهیان نیە .)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/ ٣: ٦٢) کەواتە مەلای گەورە هەرئەوەندە وەکو هێڵی سەرەکی ئاگاداری دەستکارییە تایبەتییەکەی نیچە نەبووە بەڵام بەتەواوەتی ئاگاداری ئەو فەلسەفانەهەبووە کە ڕووکەشیان دەڵێن چی و ڕووبەڕووی ڕەخنەی کردوونەتەوە (( حکمای قدیم ئەفەرموون :" وجود خێرە ، عدم شرە ، حیات بوونی خیرە ، نەبوونی کەمردنە شرە ، ، صحەت وجەدیە خیرە ، سقم عدمیە شرە .)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/١٠ : ٧٠٩) هەتا ئەو کاتەش جیاوازی لە مرۆڤەکاندا هەیە بەڵام نەک تاکی ڕەگەزێک لە مرۆڤ باڵابێت (( افلاطون تقسیمە بشر ئەکا ، وەکی معادن ، سبحان الله لە حدیثی شریفیش دایە " الناس معادن کمعادن الذهب والفضە ". )) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/ ٩: ٢٠٦ ) دواتر (( ولەو حوکمە دەبێ عالەم ممنونی حضرەتی محمد بێ کە دەفەرموێ : هەر قومە رسولی خۆی بووە " ، زێرا اممی تر ئەوە ئینکاری دەکەن ، رسالەت دەدەنە شعبی خۆیان و بەس .)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/ ٥: ١٧٣ ) (وەک ئاماژەمان پێدا و بەپێی ئەوەی ئەو سەروەرییەش لەدەست دەدەین کە وەکو قەومێکی سەربەخۆ کورد پێغەمبەرێکی یەکتا پەرستی هەبووە نەک لە ئێستادا بەڵکو( وەک باسکرا) بایەخی دەرکەوتن و چاکەخوازییەکەی لە چ ئاستێکدا بووە .

کەواتە لێرەوە وەک بانگێشەش بۆ ناسینەوەی دروستی ئەو فەخرە بۆنەتەوەکەمان ، لادانی ناوزڕاندنی و دەرخستنی ڕێزی بۆ ڕۆحانیەت و دروستی مەعریفەی ئەو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەگەزی ئافرەت کە لەکۆنەوە نەوازەیی ڕەوشت و ماف و ئازایەتی و بێ گیروگرفت بووە . شانبەشانی پیاو مەردانە کاری دایکایەتی و خێزان نموونەیی وعاشقی بەوەفا و بگرە "میرنشین گرتنە دەست " سەرکردەی سیاسیش .هەتا مەلای گەورە " واتیناە فی الدنیا حسنە " بە (( محبوب القلوب گوزەرانی باش ، اولادی چاک ، ژنی پاک ، ڕێک و خاتوون ، چی بڵێی ...! .)) (مەلای گەورە ، ٢٠٠٩ ، ب/٥ : ١٨٩ ) لێکدەداتەوە یا دادەنێت .دوا ڕای مەلای گەورە دەگەڕێتەوە بۆ جەختکردن سەرتاکپەرستییەتی (( مادام واضعی قانون

بشر بێ ولو له سەرامەدانی حکما بێ ، خالی نابێ له میل و تعێب .)) ( مەلای گەوره ، ۲۰۰۹ ، ب/ ۲: ۲۹۲ ) بەمەش دیسانەوه ڕایەکەی دژیەکییەکی ڕوونی وەرگەڕێنراوەکەی نیتچه یه .

## ئەنجام

۱/ ئەوەی که زانراوه پێشتر زەردەشت یەکتاپەرست بووه و پێش ئاینه ئاسمانییەکانی تره ، کورد بووه. تا لەخۆی بەرپرسیار و لەژیان دابووه بەڵام یەکەم پێغەمبەری یەکتاپەرست نییه . به نێردراوی پێشووتری کورد دادەنرێ پێش نەسخ بوونی ئایینەکه . دواتریش ئەو نەتەوەیه هەمان یەکتاپەرستنی پێ ڕەواکراوەتەوه له ڕێگەی ئاینی ئیسلامەوه .

۲/ ئەوەی که فەیلەسووفی ئەڵمانی "فردریک نیتچه " بەناوی ئەوەوه کتێبی "ئاوای وت زەردەشت "ی داناوه و تیایدا بانگێشەی مردنی خوا و پێویستی سەرهەڵدانی "سوپەرمان " ی کردووه ، دووره لەبیروڕای یەکتاپەرستی ئەو پێغەمبەره چ جای بانگێشەی ئەوەی کردوویەتی . تێرۆری بیروباوەڕی ئەوه . بەهۆی ئەمەوه توانیویەتی سۆزی هەندێ ڕۆژئاواییی دواتر بەرۆژهەڵاتییەکانیشەوه بۆ خۆی ڕابکێشێت . ئەمه جگه له فێڵێکی هزری هیچ پەیوەندییەکی به ئایدیای ئەو پێغەمبەرەوه نییه .

۳/ مەلای گەورەی کۆیه وەکو موفتی و منەوەرێکی ئاینی زەردەشت بەپێغەمبەری پێشووتری کورد دادەنێت ، به پاڵپشتی بیروڕای گەوره موفەسیرەکانی پێش خۆی ڕاکەی پشتڕاست دەکاتەوه ئەمه لەلایەک لەلایەکی تر "هەرچەند ئاگاداری ئەو تیرۆرکردنەی نەبووه " بەڵام دانی به تەحریفکردنی داناوه ،کەهەریەک له ڕۆژئاواو عەرەب خۆیانی لێ بەدووردەگرن بەپێی ڕای ئەو.

## سەرچاوەکان


۱.ئابادانی ، عەبدوڵلا موبلغ ، ۲۰۰۲ ،مێژووی ئاینی زەردەشت ،و.لەفارسییەوه : وریا قانع ، دەزگای چاپ وبەخشی سەردەم.

۲. مەلای گەوره ، مەلا محمدی کۆیی ،۲۰۰۹ ،تەفسیری کوردی له کەلامی خواوەندی ، ۱۰بەرگ ،نووسینگەی حەمدی بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن –سلێمانی ، چاپخانەی حەمدی.

۳. فریدریش نیچه ،۲۰۰۱، وەهای گوت زەردەشت ، وەرگێرانی /عەلی نانەوا زاده، چاپخانەی وەزارەتی پەروەرده ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

٤. محەمەد شێخ/د. ،۲۰۱۲، نیتشه / رەخنه له تازەگەری ، وەرگێرانی: دلێرمیرزا ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی .

۵.-عەلائەددین سەججادی ،۱۳۹۱ه، مێژووی ئەدەبی کوردی ،چاپی یەکەم ، انتشارات کردستان .

سەرچاوه به زمانی عەرەبی :

1. ایریش فروم ، ۲۰۱۱،جوهر الانسان ، ترجمه سلام خیری بک ، الطبعه الاولی ، دارالحوار للنشر والتوزیع ، سوریه.

2. بیار هیبر :سوفرین ،۲۰۰۲، زرادشت نیتشه ، ترجمه اسامه الحاج ، ، الطبعه الپانیه ،مجد المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر ، بیروت .

3.خلیل عبد الرحمن /د.، ۲۰۰۸ ،افیستا ، الطبعه الثانیه ، الناشر روافد للثقافه والفنون ، سوریه / دمشق .

4. حسن نعمه ، ١٩٩٤،موسوعه الاديان السماويه والارضيه ، ميثولوجيا واساطير الشعوب القديمه و معجم المعبودات القديمه ، اعاده ومعالجه منتدى وكتبه الاسكندريه ، دار الفكر اللبنانى ، بيروت .

5. ستيفان اودويف، ١٩٨٣، على دروب زرادشت ، ترجمه د. فؤاد ايوب ، دار دمشق ، الطبعه الاولى ، دمشق.

*سەرچاوە بەزمانی بیانی :*

*(Fridrich Nietzsche , 1999 , Thus Spake ZaradJustra, Copy right © The Pnnsylvania state University.)*

گۆڤارەکان :

1. کیت ئانسل پیرسۆن، ٢٠٠٠ ،نیچە فیمینیزم ، و.لەفارسییەوە : ڕێبین هەردی ، گۆڤاری سەردەم ، دەزگای چاپ و بەخشسەردەم ، سلێمانی ژمارە١١ .

2. دانایانی بەناوبانگ ، ٢٠٠٠ ، هەڵبژاردەیەک لەکارەکانی نیتچە 1-لەکتێبی زەردەشت وای گوت ، گۆڤاری سەردەم ، دەزگای چاپ و بەخشسەردەم ، سلێمانی ژمارە١١.

سەرچاوەی ئینتەرنێت :

١.(ابراهيم الحيدري ، ١٧ يناير ٢٠٠١ العدد ٨٠٨٦ ، نيتشة في «هكذا تكلم زرادشت»: شاعر أكثر منه فيلسوفاً ، شرق الاوسط/جريدة عرب الدولية http://archive.aawsat.com ) .

٢. (السيف البتار،2010-05-06،الرد على التشابه بين الاسلام والزرادشتيه،http://www.ebnmaryam.com/vb/t152838-2.html ) .

٣. (جمال جويرب المهيرى ، المراه فخ نصبته الطبيعه ، 2012 www.albayan .ae ).

٤. (منصور المنصور، هكذا تكلم زرادشت ، ١٧/كانون الاول ٢٠١٢ /HTTP://WWW.KITABAT.COM )

٥. (كارزان خانقينى:الكورد ماذا يمنعنا من العوده الى ديانتنا الزردشتيه الاصيله ، 2012/2/28 . (/HTTP://WWW.BAHZANI.NET))

٦. ((مدونه بروميثيوس ، فلسفه: السوبرمان هو الآنسان الذى يتجاوز ذاته دائماً ، /HTTP://SHADOWOFPROMETHEUS.BLOGSPOT.CO/ابريل/15. 2011) )

٧. ( همس الجوارى ، مكانه المراه فى بلاد فارس: http://mrx540.blogspot.com/2012/01/8.html )

٨. (مهدى مجيد عبدالله، زاردشت الرسول الحقيقى للقوميه الكورديه ، 2009/12/12 -HTTP://WWW.FREE /PENS.ORG )٠

٩.(Franz Cardinal König, Zoroaster-Iranian-prophet, [Online] Available at: https://www.britannica.com/biography/Zoroaster-Iranian-prophet)